

# تاقه ڕێگەچارەی گرفتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

بابەتی كۆڕێك بۆ مامۆستایان وقوتابیانی زانكۆی سان پیترسبۆرگ.بەشی سیاسەت

**د.جەزا چنگیانی**

**بۆچی ئەمەریكا وكۆمەڵگای نێودەولەتی لەچارەسەری گرفتی عیراقدا تووشی قەیران بوون؟**

هەموو گرفتێكی سیاسی بنەمایەكی ئابوری ومیژووی هەیە.بۆ وەڵامی ئەوسەرنجەی كە زۆر لە پارتە چەپ و ئیسلامە تونڕەوكان دەبیژن.گرفتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وبەتایبەتی عیراق پەیوەندی بەبەرژەوەندی وئیستراتجیتی ئەمەریكی وهاوپەیمانێكانیەوە هەیە؟پێویستە داوای كۆمەك لە میژوو بكەین .

پێش دۆزینەوەی ئەمەریكا لەلایەن كۆلۆمبوسەوە ودەركەوتنی وەك دەولەتێكی بەهێزوپیشەسازی مەزنیجیهانی.پێكهاتەكۆمەڵایەتیەكانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست(كەزوربەیان موسڵمانن)لەئاژاوەدا ژیاون.بۆیە بۆ وەڵامی ئەم بووچونەوتێگەیشن لەگرفتی ناوچەكە پیویستمان بەخوێندنەوەو توژینەوەیەكی مێژووی ناوچەكەوفاكتەراكانی گرفتەكانی هەیە.

مێژووی نۆی ئەم ناوچەیە لەدوای هەرسهێنانی دەسەڵاتی عوسمانیەكانەوە دەستپیێدكات.لە 1916/04/26 پەیمانیكی نهینی لە نیوان روسیای تزاری و فەرنسادا بەسترا كە بە پەیمانی(سۆزانۆف –بالیۆلۆج) ناسراوە بەگوێرەی ئەم پەیمانە هەریەك لەو دوودەولەتە بەشی خۆیان لە خاكی عوسمانی دیاریكردبوو.ئیگلیزەكانیش لە 9 و1916/05/16(مارك سایكس ئینگلیزی وجۆرج بیكوفرنسی)لەسەردابەشكردنی ناوچەكە ڕێكەوتنیك لەنیوانیاندا دروستبووكەلەمیژوودابە(سایكس بیكۆ)ناسراوە لەدوای جەنگی جیهانی یەكەم لە1918/12/01(سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لوید جۆرج وسەرۆك وەزیرانی فرنسی كیمانصۆ) ڕێكەوتن پەیمانی(سایكس بیكۆ) بگۆڕن ویلایەتی موصل بخریتە سەر دەولەتی عیراقی ئینگلیزی لە 1925/12/26 باشوری كوردستان خرایەسەر عیراق وسنوری نۆی نێوان عیراق وتوركیا بەگویرەی هیلی(برۆكسل) جیاكرایەوە.لە1926/05/11 ڕێكەوتننامەی نێوان عیراق و توركیا و بەریتانیا مۆركرا كە پیویستە عیراق بۆماوەی 25 سالٚ 10٪ پارەی فۆۆشتنی پترۆڵی كەركوك بدات بە توركیا.نیشتمانی كوردەكان ونیشتمانی عەرەبەكان لە نێوان ویستی زلهێزوسەرۆك خیلە عەرەبەكاندا دابەش بوو.بەم جۆرەكۆمەڵیٚ وولاٚت لەچەند مەزهەب وڕەگەزوكۆمەڵی دژبەیەك وجیاوازوڕژیمی دیكتاتۆروپڕیمتیفی خێڵەكی دروستبوون.بەدریژای قولایی میژوو نەیانتوانیوە چارەسەرێكی لۆژیك بۆگرفتەكانی نێوانیان بدۆزنەوە,هەمیشە بۆ چارسەرلەجیاتی دیالۆگ هێزوچەكیان بەكارهانیوە بۆیەلەوساتەوە تائیستا ئەم ناوچەیە ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە.

دەولەتی عیراق: یەكێكە لەو ولاٚتە نۆیانەعیراقە كە ئیستاچەقی گرفتەكانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پێوەگریدراوەگەربەتۆخی بڕوانینە دامەزراندنی ئەم دەولەتە وتێكەڵاوكردنی(سیٚ3)توخمی دژ بەیەك(كوردوعەرەبی

شیعەوسونە)دەوڵەتی عیراقی وەك دەوڵەتێكی نائارام وناسەقامگیر دروستبوو لەوساتەوە تائیستاجگەلەوەی وولاَتێكی پڕئاژاوەبووەهۆیەكیشەبووەبۆئاژاواوی سەرجەم ناوچەكە(بڕوانەژمارەی كودەتاسەربازییەكان وجەنگەكانی عیراق لەتەك دراوسێكانی و جەنگی خوێناوی دریژخانی نێوان دەسەڵاتی بەغداد لەتەك داخوازی گەلی كوردوڕۆڵی عیراق لە گرفتی ئیسرائیل و فەلەستیندا وگەشەكردنی بیری ناسیونالیستی ڕادیكاڵی عەرەبی).

دەتوانین فاكتەرەكانی ئاژاوەی ئەم ناوچەیە بەم شێوەیە بژمیرین :

1:نەبوونی دەوڵەتێك بۆ كورد.كە كوردگەورەترین نەتەوەی بیٚ دەوڵەتی ناوچەكە وجیهانە.

2:ڕێزنەگرتن لەجیاوازی مەزهەب وڕەگەزەكان وزاڵبوونی دەسەڵاتی تاكڕەوی ڕەگەزێك.

وەك ڕەگەزی سوونە لە عیراق ..فارس لەئیران . تورك لەتوركیا .

3:پەسەندنەكردن و ڕێزنەگرتنی سنوری كیشراوی نێوان وولاَتان لەلایەن دانیشتوانی ناوچەكە ودەوڵەتەكانەوە.

4:نەبوونی ئاوزانی مۆدیڕن و دیموكراتی لە نێو كۆمەڵگا جیاوازەكانی ناوچەكەدا .

**عیراق**:.تاكتیكی ئینگلیزەكان ئەوەبوو كورد وەك گەلێكی سونە ولەتەك عەرەبی سونەی كەمژمارە تێكەلاَوبكەن تاهاوسەنگیەك بەرامبەر بەزۆرینەی عەرەبی شیعە دروست ببیٚ.خاكی كوردستانی دەوڵەمەندیش بە پترۆلْ وەك سەرچاوەی سەرماییەی دەوڵەت.ئەم نەخشەوتاكتیكەی ئینگلیزەكان هەڵەبووچونكەئەگەر كوردی سونەوعەرەبی سونە لەمەزهەبدا یەكبن وەلیٚ لەڕەگەزدا زۆرجیاوازن.لە كرۆكدا هەریەكێك لە پێكهاتەی عیراق خاوەنی ئیستراتجیتێكی شارەوەونهێنیە.بۆیەكوردی سونەوعەرەبی سونەوعەرەبی شیعە هیچ كام لەمانە بە دریژای 82 سالْ نەیانتوانی یەكەیەكی سیاسی پتەودروستبكەن پێكەوە كاروباری وولاَت جێبەجێبكەن لەوساتەوەوبەیك نامۆبوون.ئەم نامۆبوونەش بۆئینگلیزەكان جیٚ سەرنج نەبوو بۆیە ئینگلیزەكان لەدروستكردنی عیراقدا توشی هەڵەیەك بوون كە تەمەنی چەند نەوەیەكی گەلان ومەزهەبەكانی ناوچەكەی كردبە قوربانی.ئەمە یەكەم هەڵە.دووهەم هەڵە ئینگلیزەكان دەسەڵاتی چەقی سیاسیان دایە دەست سوننیەكان.سوننیەكان بەدەسەڵاتێكی دیكتاتۆری پەروەردەبوون.هەردووڕەگەزی كوردوشیعە لەدەسەڵات دورخرانەوە ئەم جیاوازیە بوو بەهۆی دروستبوونی دووژمنایەتیەكی خوێناوی لە نێوان هەرسیٚ ڕەگەزە دژەكەی عیراقدا.بۆیە لەسەردەمی یەكەم مەلیكی عیراقەوە(كەبەڕەسەن عیراقی نەبوو)تاكودەتاكەی ساڵی1958جەنەرالْ قاسم دەستپیكردنی قۆناغی كۆماری وكۆتای ڕژیمی عیراق وبەعسیەكان2003بەهۆی ئەمەرییەكانەوەئەم وولاَتەئارامی نەبووە.هەرچەندە ئەمەریكاییەكان بەڕمانی ڕژێمی سەدامی دیكتاتۆر خزمەتێكی زۆریان بەگەلانی عیراق كرد.وەلیٚ هەڵەی ئەمەریكایەكانیش لەوئیستراتجییە تاكتییكەدایەكەناوی دیموكراتیزەكردنی كۆمەڵگای عیراقییە.چۆن لەساڵی1921تا2003كەدەگاتە(82)گەلانی عیراق نەیانتوانی دەوڵەت وسیستەمێكی دیموكراتی بنیاتبنێن ئاواش ئەمەریكایەكان ناتوانن كۆمەڵگای عیراقی بەرەودیموكراسی بەرن.بەڵگەی ڕاستی ئەم بووچونەش لە دوای ڕمانی سەدامەوە جەنگی نێوان شیعە وسونەی عەرەب لە هەڵچوون وژمارەی میلشیاكان لە زۆربووندایە.ئاوزانی تاكی كۆمەڵی عیراقی زیاتر بەرەوڕادیكالیزمی مەزهەبی وڕەگەزی دەچیٚ وەك لە دیموكراتی.هۆكەشی دەگەڕێتەوە بۆدوژمنایەتی ڕۆحی میژووی نێوان سونەوشیعەنامۆبوونی كوردكولتوری تۆڵەسەندەوە.ئیستاباروذۆخی سیاسی وئابوری ومرۆی لەعیراقدابەشیوەیەك خوێناوی بووەبۆچارەسەری تەنیا ڕێگەیەك هەیە ئەویش(دووبارەنەكردنەوەی هەڵەی ئینگلیزەكانە)یانی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عیراق ودابەشكردنێكی نۆی سیاسی لەئاست بەرژەوەندی پێكهاتە جیاوازەكانی عیراقدایە(كوردوشیعەوسونە)ئەمەش لەسیاسەتدا حەرامنیە.نمونەی ئازادبوونی ئەو نەتەوەوگەلانەی لەسەردەمی شەری ساردداڵەسنوری سۆڤیتداهەبوون دوای پیرسترۆیكاداجیابونەوە(جیابوونەوەی ژیرانەی هەردووگەلی سلۆڤاكی وچیكی نمونەیەكی جوانە)بۆ ئەم چارسەرەش پیویستە هێزی نێو دەوڵەتی بەرژەوەندی گەلانی عیراق لەبەرچاو بگریٚ نەك بەرژەوەندی دراوسییەكانی عیراق كە هەمیشە گەلانی عیراق وخاكی عیراق بابەت وگۆڕەپانی پارەسەنگی

هێزی سیاسی دراوسیەکانی بووە.ئیستا ئەمەریکالێپسراویەکی میژووی مرۆی ومۆراڵی بەرامبەربەگەلانی عیراق وگەلی ئەمەریکی لەسەر شانە.درێژەدان بەتەمەنی وولاتیك کە هەرسێ توخمە پێکهاتەکەی لەیکتری دڵنیانین یانی درێژەدانە بەجەنگێکی خوێناوی ناسەقامگیری سیاسەت وئایندە.کشانەوەی هێزی ئەمەریکی وبەریتانیش لەوەها بارودۆخێکی شێواو وبونی کۆمەڵی ملیشای تورەی چەکدار گەلانی عیراق بەرەوجەنگیکی خویناوی زۆرسەختدەبات.بەم هۆیەشەوەئاژاوە تەواوی ناوچەکەدەگرێتەوە.بۆیە قسەکردنی دیموکراتییەکان لەمەڕ کشانەوەی هێزی ئەمەریکی لە عیراق زۆر ناسیاسیانەیە وتەنیا کارتێکی بازی نیۆکۆنگریسی ئەمەریکیە.بە دڵنیایەوە ئەگەر دەسەڵاتی کۆشکی سپی لەم ساتەدا بەدەست دیموکراتەکانەوەبوایە.دیموکراتیەکان هەمان هەڵویستی جۆرج بۆش وکۆمارییەکانیان دەبوو.پێچەوانەکشەی هەڵوەشاندنەوەی عیراق ودابەشکردنی لە خزمەت گەلان وئاشتی ناوچەکەیەدایە.من دڵنیام سیناریۆی سیاسی جۆرچ بۆش کە تەنیا هێزی سوپایە ناتوانی ئارامی بۆعیراقییەکان مسۆگەربکات.بۆیە پیویستە سیناریۆیەکی ئەڵتەرناتیفی لۆژیکی تربخریتەکار.ئیستادوژمنایەتی نێوان شیعەوسوننە بەڕادەیەك ناشیرین وخویناوی بووە زۆر زەحمەتە هیچ لایەکیان تاوانەکانیان بەئاسانی لەیادبکەن.باشوری کوردستانیش ماوەیەکی زۆرە خاوەنی دەسەڵاتێکی لۆکاڵی کەمێ ئارام ودەتوانین وەك حکومەتێکی سەربەخۆ ئامازەی پیبکەین.ناتوانری جارێکی ترئەم ناوچەیەبخرێتەوەسەر دەسەڵاتی بەغداد.




باشترین چارەسەر.

1:***دەوڵەتی دیموکراتی کوردستان***.پایتەخت شاری کەرکوك:کوردبەهەموو پیوەریك مافیان هەیە دەوڵەتی سەربخۆیان هەبێ.جیاوازی لە نێوان کورد وعەرەبدا جیاوازی دوو نەتەوەو دووکولتوردوو زمانی بەیك نامۆن ودووئیستراتیجی دژ بەیەك.شیخ محمودیەکەم مەلیکی کوردستان لەسەردەمی لکاندنی باشوری کوردستان بەعیراقەوە بە ئینگلیزەکانی ووت(ئێمەی کورد دەتوانین دراوسییەکی باشی عەرەب بین.بەڵام ناتوانین لەوولاتێکدا پێکەوە بە ئارامی بژین)سیاسەتمەداری عەرەبی سەردەمی دروستبوونی عیراق(کامل چادرچی) ووتی مەحاڵە بێ دەوڵەتی کوردی عیراق ئارامی هەبێ.

2:***دەوڵەتی شیعە***:شیعەکان هەرچەندەبەرەگەز عەرەبن بەڵام جیاوازی ڕۆحی نێوان عەرەبی سونەوشیعە سەخترە لە جیاوازی دوونەتەوەی دژ بەیەك.دەزانرێ گرفتی ڕۆحی لەلایی موسڵمانان قەبەترە وەك لە گرفتی سیاسی.گرفتی ئەم

دووگروپە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر 1500ساڵ بۆیە تێگەیشتن لەنێوان ئەم دوومەزهەبەدا زۆر گرانترە لەتێگەیشتن لەنێوان دوو نەتەوەودووودەوڵەت و دووئایدیۆلۆژی دژ بەیەك:

3:***سوننە:*** بەژمارەکەمینەی پێکهنەری عیراقین بەڵام بەحکومی هەڵەی ئینگلیزەکان کەدەسەڵاتی چەقیان پێدرابوون غرورێکی دەسەڵاتی دیکتاتۆریان لادروستبووە ولەئیستراتجێتێکی تەنگداگیریانخواردووەئەویش گەڕانەوەی ئەودەسەڵاتە وونکراوەیەکەیانەکەبەهۆی ڕمانی ڕژیمی سەدامەوە لەدەستیانچوو.بە هیچ شێوەیەك بڕوایان بەسیستەمی فیدریالی عیراق نیە.ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئیستراتیجیتی کوردوشیعەیە بۆیەتێگەیشتنی سونیەکان لە کوردی و شیعە تێنەگیشتنە لە ڕاستیەك کە هیچ کاتیك سوننە پەسندی ناکات.بۆ سوننەکانی عیراق دوو شانس هەیە ؟

A:***دەوڵەتێکی تایبەتی سونی:*** لە نێوان دەوڵەتی دیموکراتی کوردستان ودەوڵەتی شیعەدا.ڕاستە دەوڵەتی سوننە دەوڵەتێکی هەژاری خاوەن قەیرانی ئابوری دەبێت ئەویش لەبەر ئەوەی زووربەی بیرە پیترۆڵیەکان لەدەوڵەتی کوردستان وشیعەدایە.بۆ چارەسەری ئەم قەیرانەش تەنیا ڕێگەك هەیە.ئەویش هەردوو(دەوڵەتی کوردی وشیعە)بەڵێنێکی نیودەوڵەتی مۆربکەن تا ماوەی 20 ساڵ بەشێك لەپارەی پترۆڵەکانیان وەك کۆمەك بدەن بە دەوڵەتی سونە تا بۆاری پیشکەوتنی بەشی پیشەسازی و کشتوکاڵیان گەشەدەکات .یان

B: ***تێکەڵاوکردنی خاکی سونیەکان لە تەك مەملەکەتی ئۆردونیدا.***

مەملەکەتی ئۆردونی ئیستا لەژێر دەسەڵاتی مەلیکی گەنج عبدللەدا شێوە دیموکراتیەتێکی سەرەتایان بنیاتناوە.دەتوانریٚ هیوای باشتری بۆبخوازین.لەڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا گرفتێکی تریشمان هەیە پێدەوتری گرفتی(ئیسرائیل وفەلەستینیەکان)تائیستالەهەمووگفتوگۆیەکی نێوان فەلەستینی وئیسرائیلیەکاندا لەسەردەمی سەرۆکی کۆچکردویاسرعرفاتەوەتاسەرۆکی ئیستامحمودعباس(الفتح)وسەرۆك وەزیران ئیسماعیل هنیە(حماس)گرفتی گەڕانەوەی دوو میلوین فەلەستینی ئاوارەییە بۆ خاکی فەلەستین کە ئیسرائیل و ئەمەریکی بە هیچ شێوەیەك بە گەڕانەوەی ئەو دوومیلوینە ڕازی نین.بەتێکەڵاوکردنی خاکی سوننەی عیراقیەکان لەتەك دەوڵەتی ئۆردونیدا ونیشتەجێکردنی ئەودوومیلیون فەلەستینیەلە ناوچەی سوننەی عیراق و ئۆردونی نۆیدا کێشکەچارەسەردەکرێت.ئەم پرۆسێسە بۆ ئۆردون وفەلەستینی و سوننیەکان ئاسانە چونکە:

1:جیاوازی مەزهەبی لە نێوان سوننەی عیراق و سوننەی ئۆردون وفەلەستنیەکاندا نیە.

2:دەوڵەتی ئۆردونی ئیستا خاوەنی سیستەم ودەستوروپەرلەمانێکی نیمچە دیموکراتیە.دەتوانریٚ بە شێوەیەکی ئاشتیانە ئەم نەخشەییە پراکتیزەبکرێت.

3:پەیوەندی میژووی نێوان فەلەستینی وئۆردونیەکان ونزیکی خاکی فەلەستین وئۆردون وبوونی شاژنی ئۆردونی بەڕەسەن فەلەستینی دەتوانری وەك فاکتەرێکی کۆنکریت بۆ پێکەوە ژیانی فەلەستین وئۆدرونیەکان ئاماژەی پێبکرێت .

مەترسییە چاوڕونکراوەکانی دوای هەڵوەشاندەوەی عیراق:

A:گرفتی ئیسلامی توندڕەوهەڕەشەلەبەرژەوەندی ئەمەریکاوئەوروپالە ناوچەکەدا

ئەم ناوچەیە زەمینەیەکی بەپیتە بۆگەشەکردنی بیری ڕادیکالیزم وتوندڕەوی ئیسلامی(سونەوشیعە)(القاعدەئووسامەبن لادن وموقتدا الصدر)

بۆلەمپەردانان لەبەردەم ترسەکان.

پیویستە ئەمەریکایەکان بنکەیەکی هەمیشەیی سەربازی بەهێزلەکۆماری کورستانی دیموکراتدا دابمەزرین بەمەبەستی:

1:ڕێگەگرتن لە هێرشی تورکیا و ئیران بۆسەر دەوڵەتی کوردی.

2: ڕێگەگرتن لە بزوتنەوەی ئیسلامی ڕادیکاڵ لە ناوچەکەدا.

3:پاراستن ومسۆگەرکردنی پرۆژەی گەیشتنی پترۆڵی کوردستان وپترۆڵی دەوڵەتی شیعە بۆبازاری جیهانی(لە خاڵی داهاتودا لێدەدوێن )

4:کۆمەکی پرۆسێسی دیموکراتیزەکرنی کۆمەڵگاکانی ناوچەکە.

B:دەوڵەتی شیعە :

سعودیەوە وکویت ومیرنشینە عەربیەکانی کەنداو ترسێکی زۆریان لە دروستبوونی دەوڵەتی شیعە لە عیراقدا هەیە.کە بچیتەپاڵ هێزی شیعەی ئیرانیەوە.ئاشکرایە ناوچەی جزیرەی مجنونی پرپترۆڵی دەرنەهاتوو وچاڵەپترۆڵیە ئاشکراکان کەدەکەوێتەخاکی دەوڵەتی شیعەوە دەبیتە هۆی دروستبوونی بنەمایەکی ئابوری بەهێز بۆدەوڵەتی شیعە.کەچاوەڕی دەکرێ وەك سەدام زوربەی ئەوسەرمایە پترۆڵیەبۆ بەهێزکردنی سوپاوجەنگی پیرۆز بەکاربهینرێ.

نزیك بوونی جوگرافیای هەردووەدەسەڵاتی شیعەی ئیران وعیراق خەوەکەی خومەینی(ناردنەدەرەوەی شۆرشی ئیسلامی)دێتەدیٰ.بەنزیك بوونەوەی ئەم دوو هێزە(دەوڵەتی شیعەی ئیران ودەوڵەتی شیعەی عیراق) حزب اللەلبنانی شیعەوحماسی فەلەستینی گەشەکردنێکی بەرچاوبەخۆیانەوە دەبینن کە ئەمەش گەورەترین ترس بۆسەرئیسرائیل دروستدەکات.

تێگەشتنی شیعەی عیراق وئیران لەگەڵ سوریا نزیکترە وەك لەتەك سونینەکاندا.بەڵگەی کۆمەکی سوریا بۆ ئیرانییەکان لەکاتی جەنگی عیراق وئیراندا.بەلاَم بۆ چارەسەری ئەم هەموو ئەگەرەترسانەلەسەر دەوڵەتی شیعە(بەمەرجێکی نێودەوڵەتی)نامێنیٰ.چۆن ؟؟:

1:پیویستە دەوڵەتی شیعەبۆماوەیەك لەژێرچاودێری هێزی نیودەوڵەتیدابێت سوپای(UN)چ بۆ ئارامکردنەوەی گرژی باڵەکانی ناوشیعە.چ بۆ چاودیریکردنی دەوڵەتی شیعەوساردکردنەوەی ترسی سعودیەوکویت ومیرنشینەکانی کەنداو لەو وولاَتەدا بنکەی بەهێزیان هەبیٰ.

2:بەدەوڵەتی شیعە ڕێگەی نەدریٰ سوپای بەهێزوڕادیکاڵی وەك(سوپای پاسدارانی ئیرانی)دروسبکات.

3:چاودێریکردنی سنوری نێوان دەوڵەتی شیعەعیراق وشیعەی ئیران لەڕوژهەلاَتی دەوڵەتی شیعەوەلەلایەن سوپای(UN)بکرێت تا ئیرانیەکان خاکی دەوڵەتی شیعەی عیراق وەك پرد لە نێوان خۆیان وحزب اللەی لبنانی و فەلەستینیەکان بەکار نەهێنن.

4:مەملەکەتی ئوردونی سنوری ڕۆژئاوای دەوڵەتی شیعە قایمکۆنترۆڵ بکات تاگویزانەوەی کۆمەکی ئیرانی نەگاتە شیعەی لبنان و فەلەستینیەکان.

5:چەکی کۆکوژی وئۆتومی لەدەوڵەتی شیعەی عیراق قەدەغەبکرێت.وەك ئەڵمانیاویابانی دوای جەنگی جیهانی دووهەم سوپایەکی سنورداریان بۆ دیاریبکرێت .

ئیستراتیجیتی پیترۆڵی :

لەبەردەوڵەمەندی دەوڵەتی کوردستانی دیموکراتی بەسەرچاوە پترۆڵییەکان ئەم دەوڵەتە کوردییە دەبێتە دەوڵەتێکی بەرهەمهێنەری پترۆڵی لەناوچەکەدا وبنکەیەکی ئابوری بەهێز بۆ وولاَتانی سەرمایەداری وپیشەسازی.بەم هۆیەوە ئارامی وسەقامگیربوونی ئەم دەوڵەتە کوردیە پەیوەندی بەبازاڕی پترۆڵ وسەقامگیری نرخی سووتەمەنیەوەلە جیهاندادەبیٰ.جابۆئەوەی بازاڕی پترۆڵی جیهانی بەهۆی گرفتی سیاسیەوە تووشی قەیران نەبێت.پیویستە بۆرییە پترۆڵییەکانی دەوڵەتی کوردی کەبەخاکی تورکیاداتێدەپڕن.ڕێگەی گۆیزانەوەکەیان بەناو خاکی ئۆردونی نۆیدا بگۆریٰ.ئەم گۆڕینە لەدوولاوە گرنگ و پێویستە:

1:کریێ ترانسیتی پترۆڵی کوردی:دەبێتە سەرچاوەی گەشەکردنی ژێرخانی ئابووری ئۆردون.پرۆژەی نیشتەجیکردنی فەلەستینیەکان لە ئۆردونی نۆیدا .

2:گۆیزانەوەی بۆرییە پترۆلیەکانی دەولەتی کوردی دەبێتە کمکردنەوەی هەڕەشەی تورکیا لەسەردەولەتی کوردی.ئاشکرایە تورکیا دوژمنی سەرسەختی میللەتی کوردودەولەتی کوردییە بۆ ئەوەی تورکیابوریە پترولیەکان وەك كارتی فشاری سیاسی دژی دەولەتی کوردی وئەوروپاوکۆمپانیەپیترۆلییەکانی جیهانی بەکارنەهینیٚ.باشتیرین ڕیگەگویزانەوەی بۆریەکانەبۆ ناو خاکی ئۆردونی نۆیدا.

گرفتی گەلانی نێو سنوری ئیران و تورکیا و سوریا:

لە سنوری ئەم سیٚ وولاتەدا چەند گەلیك هەن(کورد و عەرەب .ئەرمەن .بلوج..هتد)هەموو ئەم گەلانەبێبەشن لە سەرەتاترین مافی مرۆڤ ئەویش قسەکردن ونووسینە بە زمانی دایکی وچیژینی تامی کولتوری خویان.پیویستەلەژێر سایەیی کۆمەلگای نێودەولەتی لەسەرەتادا تا گەشەکردنی ئاوزانی دیموکراتی لەو وولاتانەدا ئەوگەلانەبەمافی کورلتوری خۆیان بگەن.وەك کردنەوەی قوتابخانە ودەزگای میداوچاپەمەنی.ئەم پرۆسێسە نەك تەنیالە خزمەت ئەوگەلانەدایەبەلکو مژدەبەخشە بۆسیستەمی دیموکراتی ئەووولاتانەش وسەقامگیری ناوچەکە

**ئەنجام:**لەوساتەوەی باشوری کوردستان بە عیراقەوە لکاوە لە 1925/12/26تائیستاعیراقدا هیچ جۆرە ئارامیەکی سەقامگیر وبڕوا لە نێوان کورد وڕژیمی عیراقیدا نەبووە.هەموو گفتوگۆیەکشیان ئەنجامەکەی هەرەس بووە.

لەوساتەوەی ئیسرائیل بە بڕیاریکی نەتەوەیەکگرتووەکان 1947/11/29 و لەسالٚ 1948 ئیسرائیل وەك دەولەت ناسرا تائیستا هیچ گفتوگۆ و جەنگی نێوان یسرائیل و فەلەستینیەکان ئەنجامیکی مرۆڤی نەبووە بۆیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی مرۆڤی لەوناوچە گەرمە پرکیشەدا پیویستە نەخشە و دیالۆگی سیاسی لایەنکان بگۆڕدریٚ.

پیچەوانەی ئەم بۆچونە هەرووڵات وسیاسیەك داوای پاراستنی یەکپارچەی خاکی عیراق ونەمانی ئیسرائیل و مافی فەلەستینیەکان پشتگۆبخات دوژمنی سەرسەختی گەلانی عیراق وئاسایش وئارامی ناوچەکەومافی ڕەسەنی مرۆڤە .

وینەی ئەم بابەتە دەچیت بۆ :

- کۆنگریسی ئەمەریکی
- پەرلەمانی ئەوروپی
- پەرلەمانی ڕووسیا دووما
- کنیسی ئیسرائیلی
- جامعە دول العربیە
- الحیـــاة/Der Spiegel/ BBC.

29/04/2007

فلندا...هیلسنکی
Jazachingiani@hotmail.com